
# ناساندنی شانۆنامە

ئاسۆ ڕۆژهەلات




شانۆنامە بەرهەمێکی درامایە، کە زیاتر لە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان پێک دێت و مەبەست نمایشکردنی شانۆیی‌یە نەک تەنها خوێندنەوە. بە نووسەری شانۆنامەش، شانۆنامەنووس دەوترێت.

## شانۆی بێمانا

ئەم ژانرە بە گشتی نوێنەرایەتیی مێتافیزیکییەکانی دوودڵی و پرسیارە بوونگەرایی‌یەکان لەخۆ دەگرێت. شانۆی بێماناکان ئینکاری عەقڵانییەت دەکات و، حەتمی کەوتنە ناو کۆتاییی بارودۆخی مرۆڤ لە باوەش دەگرێت، بەڵام شانۆی بێمانا لە جیاتی باسکردنی ئەم پرسانە، خستنەڕووی ئەوانە. ئەمەش وا دەکات بینەرەکان بۆخۆیان باس لەسەر شانۆکە بکەن و ناوەڕۆکی شانۆنامەکە بخەنە ژێر پرسیارەوە.

یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی شانۆی بێمانا، دژایەتیی فیزیکییە لەگەڵ زمان. زۆرجار دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ دژایەتیی کردارەکانیان دەکات.

شانۆنامەنووسە بەناوبانگەکانی ناو ئەم ژانرە بریتین لە ساموێل بێکێت، ژان پۆل سارتەر، یۆجین یۆنێسکۆ، ئارسەر ئاداموڤ و ژان جینێت.

## شانۆنامەی "کۆتایی"

شانۆنامەی "کۆتایی" لە نووسینی ساموێل بێکێت شانۆگەرییەکی بێمانا و تراژیدی و یەک کردەیە کە باس لە پیرەپیاوێکی کوێر و پەککەوتە و دایک و باوکی بەساڵاچوو و هاوڕێ و خزمەتکارێکی سەرلێشێواو و پەشۆکاو دەکات کە لە کۆشکێکی جێهێڵراو لە وێرانەیەک باس لە کۆتاییهێنان دەکەن. دیار نییە ئەم کۆتایی‌یە کۆتاییی یارییەکە یان کۆتاییی جیهانە.

زۆربەی ناوەڕۆکی شانۆنامەکە لە کورتە دیالۆگەکان و هاتوچۆ کردنەکانی نێوان کارەکتەرەکان پێک دێت کە هەمووی ئەمانە وەبیرهێنەرەوەی گاڵتەجاری و کردارە بێ بایەخەکانی سەر شانۆن.

پلۆتەکە بە پەرەپێدانی چیرۆکێکی تراژیدی لەناو چیرۆکێکدا کە کارەکتەری هام دەینووسێت، کۆ دەبێتەوە. بەشێکی جوانیناسیی قووڵی شانۆنامەکە، شێوازی کۆتاییهاتنی چیرۆکە لەناو چیرۆکەکەدا.

ناونیشانی شانۆنامەکە ئاماژە بە شەترەنج دەکات و کارەکتەرەکان وەک شەڕێکی دۆڕاو لەگەڵ یەکتر یان چارەنووسیان لە چوارچێوەیەکدا دەخاتە ڕوو.

## سەبارەت بە شانۆنامەی "کۆتایی"

شانۆنامەی "کۆتایی" بریتییە لە چوار کارەکتەر. ئەم کارەکتەرانە بەپێچەوانەی شانۆنامە، گوزارشت ئامێزەکانەوە کە هیچ جۆرە ناوێکیان نییە، هەریەک لەو کارەکتەرانە ناوی تایبەت بەخۆیان هەیە: "هام" و "کلۆڤ" و "نیل" و "ناگ" . ئەم چوار کارەکتەرە لە ژوورێکی چۆڵن. بێکێتی بێدەنگ بە شێوەیەکی سەرسامکەرەوە بەم کارەکتەرانە گەمە دەکات. سەرسامییەکە لەوەدایە کە سێ کارەکتەری هام و ناگ و نیل بە درێژاییی شانۆگەرییەکە دانیشتوون و توانای بەڕێوەچوونەوەیان لێ براوە هام بە درێژاییی شانۆگەرییەکە لەسەر کورسییەکی تایەدار دانیشتووە. دایک و باوکی هام واتا ناگ و نیلیش هەردووکیان بەهۆی کەوتنەخوارەوە لەسەر پاسکیلێکی دوو کەسی قاچەکانیان پەڕیون و لەنێو تەنەکە خۆڵێکدا بۆ خۆیان کەوتوون و جار نا جارێک نەبێ سەر هەڵنابڕن، بەڵام ئەو کارەکتەرەکەی تر، واتە "کلۆڤ"ی کۆیلە بە درێژاییی شانۆگەرییەکە بە پێوەیە و هەر دێت و دەچێت. ئەم چوار کارەکتەرە

پەیوەندییەکی گرژ و دڵڕەقانە کۆیان دەکاتەوە. هەندێ جاریش گەمەیەکی قێزەونی کۆمێدی لەگەڵ یەکتری دەکەن کە وا وێدەچێت بە ناچاری خەریکن پێکەوە یاری دەکەن. بە شێوەیەک کە نە دەتوانن لەگەڵ یەکتری بژین و، نە دەتوانن لە یەکتر دوور بکەونەوە.

هام: پەنجەرەکە بکەوە!

کلۆڤ: بۆچی؟

هام: دەمەوێ گوێم لە دەنگی زەریا بێت.

کلۆڤ: نایبیستی.

هام: ئەگەر پەنجەرەکەش بکەیتەوە ، دیسان گوێم لێ نابێت؟

کلۆڤ: نەخێر.

هام: کەواتە پێویست ناکا بیکەیتەوە؟

کلۆڤ: نەخێر.

هام: بە توندوتیژییەوە). دەی مادام وایە بیکەوە. (کلۆڤ دەچێتە سەر پەیژەکە و پەنجەرەکە دەکاتەوە. (چاوەڕوانی) پەنجەرەکەت کردەوە؟

کلۆڤ: ئا.

هام: دەتوانی سوێند بخۆی کە کردووتەوە؟

کلۆڤ: ئا. (چاوەڕوانی).

هام: زۆرباشە.(چاوەڕوانی). کەواتە دەبێ زەریا زۆر هێمن بێ؟ (چاوەڕوانی). وتم ئایا زەریا هێمنە؟

کلۆڤ: ئا.

لە شانۆنامەی کۆتایی بێکێتە، کارەکتەری هام وەک سمبولی دەسەڵات هاتووە بەو جۆرەی کە هام لەسەر کورسییەکی تایەدار دانیشتووە. گەمەی نێوان دوو ئەکتەرەکەی هام و کلۆڤ، گەمەی دەسەڵاتە، گەمەی نێوان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات. شانۆنامەی کۆتایی بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٥٧ لە لەندەن و دواتریش لە ساڵی ١٩٥٨ بە دەرهێنەریی هونەرمەند "ئالێن شنایدێر" لە نیۆیۆرک نەمایش کرا. بێکێت لەم ماوەیە بەتەواوەتی لەگەڵ ئالێن شنایدێر خەریکی نامە گۆڕینەوە بوو سەبارەت بە هەردوو شانۆنامەی کۆتایی و لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا کە دواتر ئەم نامانە لەگەڵ وڵامەکانیان لە کتێبی نامەکانی بێکێت بڵاو دەکرێنەوە کە تا ئێستاش وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. بە پێچەوانەی بیری هەندێک لە لایەنگرانی بێکێت، شانۆنامەی کۆتایی پتر لە شانۆنامەی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا قووڵتر و ئەدەبیترە. بە وتەی زۆربەی ڕەخنەگران شانۆنامەی کۆتایی زۆر نزیکە لە شانۆنامەکانی شەکسپیر. زۆربەی زۆریشیان لەو بڕوایەدان کە کارەکتەرەکەی هام زۆر لە کارەکتەرەکەی شانۆنامەکەی شەکسپیر دەچێت. "کۆتایی" تا ڕادەیەکی زۆر لە چیرۆکەکانی ئینجیل و فەلسەفەی گرێکییش لەخۆ دەگرێتەوە. ئەتمۆسفێری شانۆنامەی کۆتایی لە ژوورێکی چۆڵوهۆڵ و تاریکدا ڕوو دەدات کە دوو تەنەکە خۆڵی تێدایە. ئەو ژوورە یان ئەو جیهانە، بەتەواوی لە هەموو جیهان دابڕاوە و وەک بڵێی شوێنێکی ترە و دونیایەکی تر. هام بەباشی هەست بەم دابڕانە دەکات و بە کلۆڤ دەڵێت:

هام: سروشت ئێمەی لەبیر خۆی بردووەتەوە.

کلۆڤ: ئێمە ئیتر سروشتمان نییە.

هام: سروشتمان نییە! هەر لەخۆڕا قسە دەکەیت.

کلۆڤ: هەر لەم ناوەیە!

هام: ئێمە هێشتاش هەناسە هەڵدەمژین، دەگۆڕدرێین! قژمان دەوەرێت، ددانمان دەکەوێت! گەنجییەتیمان! ئامانجەکانمان!

کلۆڤ: کەواتە سروشت ئێمەی لەبیر نەبردووەتەوە.



هام: خۆ تۆ وتت ئێمە سروشتمان نییە.

ڕەخنەگرە گەورەکان، ئاماژەیان بەوە کردووە کە شانۆنامەی کۆتایی، زۆر نزیکە لە شانۆنامەی شالیری شەکسپیر و هەروەها گەمەی شەترەنج. هام کە بێ جووڵە لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە، پاشای گەمەکەیە. دوو تەنەکە خۆڵەکەش، دوو قەڵای ئەمسەر و ئەوسەری گەمەکەن. بەڵام ئەوەی جێ پرسیارە ئەوەیە کە کێ لەم گەمەیەدا دژی هامە؟ یان هام بۆ هێندە باس لە کۆتاییپێهاتن دەکات؟ لەم گەمەیەدا جووڵانەوە و هاتوچۆکردن سنووردار و دیاریکراوە. کارەکتری هام بە درێژاییی شانۆکە لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و چیرۆکی بێمانا دەگێڕێتەوە و کلۆڤیش کە بەردەوام دێت و دەچێت بێئەوەی ئاگاداری هیچ بێت، خەریکە بە قسەی هام دەکات.

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی ئەم شانۆیەش ئەوەیە کە هام و کلۆڤ بگەنە کۆتایی. بەڵام ئایا ئەم کۆتایییە، کۆتاییی گەمەکەیە یان کۆتاییی ژیان؟ هام هەر لە سەرەتای شانۆکەوە بەردەوام باسی کۆتایی دەکات:

هام: بەسە ئیتر، ئیتر دەبێ کۆتایی پێ بێت، تەنانەت لەنێوان ئەم پەنا و حەشارگەیەش.(چاوەڕوانیی.) بە بوونی ئەمەش من دەست و پێم دەلەرزێت، دڵم دادەخورپێت کە... کۆتایی پێ بێنم. بەڵێ ڕاستە، دەبێ کۆتایی پێ بێت و سەرەڕای ئەمەش دڵەڕاوکێی ئەوەمە کە.... (باوێشک دەدات). کۆتایی پێ بێنم (باوێشک دەدات). خودایە ماندووم، باشتر وایە بڕۆمە ناو نوێنەکەم.

هەروەها لە دیمەنێکی تری شانۆنامەکەدا هام و کلۆڤ باسی کۆتاییپێهاتنی گەمەکە دەکەن:

هام: گەر دەتەوێ لێم بدەی، بە تەور لێم بدە، یان بە دارقولاپ. هانێ بە دارقولاپەکە لێم بدە، نەک بە سەگەکە، بە دارقولاپەکە یان تەورەکە.

کلۆڤ:(دەپاڕێتەوە). با واز لەم یارییە بهێنین!

هام: هەرگیز! (چاوەڕوانی). بمخە ناو تابووتەکەمەوە.

کلۆڤ: تابووتمان پێ نەماوە.

هام: کەواتە با کۆتایی پێ بێت.

لە بەرهەمەکانی بێکێتدا "کات" وەک هەموو کاتێکی تر تامێکی فەلسەفی دەدات. لەم شانۆنامەیەشدا هام دەیەوێت بمرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە کلۆڤ دەیەوێت بژیت.

"پێشەوا ڕەهبەری" شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی خەڵکی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە. لە ٢٥ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٩ لە قائێم شاری پارێزگای مازەندەران لەدایک بووە. دواتر دەگەڕێتەوە شاری پاوە. لە ساڵی ١٣٩٢ بۆ یەکەم جار بە کتێبی: "حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک" زمانی کوردی دەناسێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی بەرهەمە شێعرییەکانی کوردی. دواتر لەسەر ئەم ویستە دیوانە شێعرێک دەنووسێت بە ناوی: "دواهەمین هەناسەی ژیان" کە بڵاوی ناکاتەوە و بۆ هەتاهەتایە واز لە شێعر دەهێنێت.

لە ساڵی ١٣٩٤ بۆ یەکەم جار زمانی بێگانە دەناسێت و دەست دەکات بە خوێندنی ڕۆمانە جیهانییەکان. لەسەر وتەیەکی خۆی لە پرۆگرامێکی شاشەی تیڤیی ئێران:

لەگەڵ ناسینی دۆستۆیڤسکی بەتەواوی چوومە دونیای ڕۆمانەوە.

لە ساڵی ١٣٩٦ دەست دەکات بە نووسینی کتێبی: "سگم گانر" شانۆنامەیەکە باس لە چیرۆکی پیاوێک و سەگێک دەکات کە بە تەواوەتی لە جیهان